عەبباس وەلی و
نا دێموکراتی بوونی کورد!

کوردستانی نوێ لە ژمارەی 3352 رۆژی 27.04.2004وتووێژێکی لە ژێر سەردێری پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورە لەگەڵ عەباس وەلی, مامۆستای میوان لە زانستگەی بۆغازیچی ترکییە و مامۆستا لە زانستگەی ویلز لەمەر پرۆژەکەی ئەمریکا بۆ دێمۆکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی نێوەراست چاپ و بڵاو کردووەتەوە.
مامۆستا هەباس وەلی سەرەتا لەوەلامی ئەو پرسیارەدا کە ئەمریکاییەکان بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆژەی پێکهێنانی ریفۆرم لە رۆژهەڵاتی نێوەراست تا چ رادەیەك راستگۆن( دەبێ مەبەست جیدی بوون بێ) دەلێ :
"پرۆژەکە وەك دیارە ببێتە پرۆژەیەکی سیاسی. پرۆژەکە لەم ساتە وەختەدا و لەم قۆناخەداپرۆژەکە تابعی هەلومەرجێکی تایبەتییە. پاشانیش کە بووە سیاسی حەتمەن تابعی هەلومەرجێکی تر دەبێ..."
تێگەیشتنی ئەو چەند دێرەی ئاغای وەلی بۆ خوێنەری کوردی زمان بە سانی نییە. نە لەبەر ئەوە کە بە کوردی پەتی نە نووسراوە بەڵکوو وێدەچێ، ئاغای وەلی لە پرسیارەکە بە زمانی کوردی بە باشی حاڵی نەبووبێ.
ئاغای وەلی باس لەوە دەکا کە پرۆژەی گۆرینی رومای سیاسی رۆژهەڵات لە لایەن باوکی پریزیدێنت بوشەوە پاش شەری کوێت هاتبووە ئاراوە، بەلام سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا واتە کلینتۆن وەلای نابوو و خۆی پتر بە کاری نێوخۆیی وڵاتەکەیەوە خەریك کردبوو. پاشان بە هاتنە سەرکاری بوشی دووهەم و دەستەراستیەکان ئەوسیاسەتەیان گرتە بەر کە پێگەی زیاتر لە ئیسراییل و ترکییە لە ناوچەکەدا دانێن.
با سەرنجی ئەو بەشە لە بۆچوونە سیاسییەکەی ئاغای وەلی بدەین و بزانین کە ئاخۆ ئەم دیاردەیە کە ئەو باسی دەکا راستە؟
زانایانی سیاسەت کۆکن لەسەر ئەوە کە ئەمریکا پاش تێکرمانی دەوڵەتە کۆمونیستییەکان و لە سەروی هەموانەوە یەکێتی سۆڤێتی بووەتە هەمەکارەی ئەم جیهانە. زۆر لە سیاسەتڤانان لە هێرشبردنە سەر سەددام سەرسامن لەوە کە بۆچی ئەمریکا شەری هەزاران جینایەتکاری ئەنفالی بۆخۆی کرێ تا مردوی سەربازەکانی بە بێ حورمەتی ئاگر دەن. یان خۆی لەبەرچاوی جیهان بە شەرخواز لە قەڵەم بداو و بە ملیونان خەڵك بێنێتە سەر شەقامان تا دژی ئەو وڵاتە و سیاسەتی رێبەرانی ئەمریکا خۆ لە قورِ وەردەن. ئەوەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە بە پێی نەزەری ئاغای وەلی بتوانن چەند پێگەی نیزامی زیاتر لە ناوچەکەدانێن. واتە کارێك کە سەددام هەموو کاتێ ئامادەبوو بە خەرجی خۆی بۆ ئەمریکای بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەو لێکدانەوەیەی مامۆستا وەلی وەکو زۆربەی لێکدانەوەکانی دیکەی بۆ کۆمەڵگای کورد ناتەواو و سەرەتایی و لاوازە. ئاغای وەلی لە لایەك خۆی لە نێو چەقی ئەو پرسیارەدا دەبینێ کە ئەمریکا پرۆژەیەکی مەزنی بۆ دێموکراتیزەکردنی جیهان هەیە و دەبێ لە رۆژهەڵاتی ناویندا بەرێوەی بەرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەو پێی وایە ئەمریکا بەو لەشکرکێشییە بۆ سەر سەددام ویستوویە چەند پێگەی نیزامی دیکە لەناوچەکەدا دامەزرێنێ. خوێنەری بۆچوونە سیاسییەکانی ئاغای وەلی چاوەروانە کە ئاکادێمیکێری میوان لە زانستگەیەکی ترکییە زانیارییەکانی لە سەرچاوەیەکی بە متمانە هەڵێنجێ و کۆمەڵێك بەڵگە و زانیاری بدا بەدەستەوە کە بنەمایەکی زانستییان هەبێ. بەڵام ئاغای وەلی بە شێوەیەکی رەمەکی ئەو بریارە سیاسییە بە کارێکی لەشکریی دەداتە قەڵەم کە پسپۆران ساڵێکە لەسەر هۆیەکانی ئەو هەژانە سیاسییە بە هەزاران مقالەیان نووسیوە و وتووێژیان لەسەر کردووە. وێدەچێ ئاغای وەلی بریاری سیاسی ئەمریکای لەمەر نەهێشتنی رژیمە نگریسەکانی ناوچەکە، بە دژی تێئۆری کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەو بۆ چارەسەری مافی سیاسی توناکراوی کورد فووی داوە، لێك دابێتەوە.
ئاغای وەلی پرۆسەی دوور و درێژی چارەسەری هۆیەکانی پێکهاتنی شەری کەنداوو ، مەسەلەی دەیان ساڵەی شەری کورد و دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی ناوچە، مەسەلەی فلەستین، تێرۆریزمی پەرەگرتووی رژیمە تێرۆریستییەکان و باندە مرۆڤکوژە ئاخوندی – ئیسلامیی کە هێمنی هەموو جیهانیان خستبووە مەترسییەوە بە بریاری شەرخوازانەی بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکاوە گرێ دەدا کە لەسیستمی حکوومەتی وڵاتەکەیدا هەموو بریارەکانی لەلایەن کۆنگرە و بیرورای گشتییەوە کۆنترۆل دەکرێ. بۆ ئەوە رادەی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ نەکراوی سەرۆك کۆمار ی ئەمریکا بزانرێ ، ئاشنا بوون لەگەل ئەو سیستمە حکومەتییە پێویستە. بێگومان ئاغای وەلی

دەبێ لەگەل سنوری ماف و دەسەلاتی سەرەك كۆمار و مكانیزمی كۆنترۆلی دەسەڵات لە ئەمریكا ئاگادار بێ. ڕۆژنامە نووسێك لە كارناسێكی سیاسی ئەمریكی پرسی كە كلینتۆن كە تا چ رادەیەك دەتوانی لە سیاسەتی ئەمریكادا ئاڵوگۆر پێك بێنێ. ئەو پسپۆرە لەوەڵامدا گوتی: ئەگەر كلینتۆن بتوانێ دەستێك بە دەفتەرەكەی خۆیدا بێنێ و چەند كەس وەلابەرێ و چەند كەسی تازە بێنێ، زۆری كار كردووە. واتە سیاسەتی ئەمریكاسیستم دەیاری دەكا. بە گۆرینی سەرۆك كۆمار بەو جۆرەی كە لەولاتانی دیكتاتۆریدا باوە، ئەو سیاسەتە ناگۆردرێ. ئەو سیاسەتە، بەرهەمی لێكۆڵینەوەی سەتان ئەنستیتۆ و دامەزراو هەزاران پسپۆری كارامە و دەزگای ئیتتلاعاتی و خاوەن نەزەری نێوخۆیی و دەرەكییە. بۆ بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتە ستراتێژیكە و گەیشتن بە مەبەست و ئاكامەكانی لە تاكتیكی جوراوجۆر و تەنانەت لە دەزگای ئەمنییەتی – جاسوسیش بە شێوەیەكی بەرین كەڵك وەردەگیرێ. سیستمێكی كە ئەو سیاسەتەش دادەرێژێ نەگۆرە. كارگێرانی ئەو دامودەزگایانەی ئەوسیاسەتانە بەرێوە دەبەن رەنگە بە شێوەیەكی رواڵەتی و پاش خانەنشینكردنی چەند لێكەوتووو هاتنی چەند رووماى هەڵبژێردراوی دیكە بگۆردرێن. بەڵام لە راستیدا سیستمەكە و سیاسەتە ستراتێژیكە دارێژراوەكە هەر وەكو خۆی دەمێنێ. ئەوە كە ئاغای وەلی ئاڵوگۆرەكان و پرۆسەی هێرشی بۆ سەر سەددام و رێژیمەكەی بە كەسایەتی كلینتۆن و بۆشەوە گرێداوە لەگەڵ سیستمی سیاسی و سیستمی حكومەتی ئەمریكا یەك ناگرێتەوە. هەر لەو بەشەدا كە ئاغای وەلی پێی وایە ستراتێژی ئەمریكا بۆ شەر دژی عیراق، دانانی پێگەی نیزامی بووە تا ئەمرۆ لەلایەن هیچ لێكۆڵەرێكی شارەزا بە سیاسەتی ئەمریكاوە ئامارەی پێنەكراوە. سیاسەتی ستراتێژیكی ئەمریكا كاتێ ئاڵوگۆری بنەرەتی بەسەردادێ كە تاكتیكەكان وەڵامدەرەوەی ئەو تەكان و بوومەلەرزە سیاسییە جیهانییە نەبن كە روو دەدا.

دوو روداوی گەورە لەجیهاندا ئاڵوگۆری لە سیاسەتی ستراتێژیكی ئەمریكا دا پێك هێنا كە پێویستی كرد بە سیاسەتی دارێژەراوی ئەمریكادا بچنەوە. یەكەم روخانی سیستمی كومونیستی بوو كە هێزو توانایەكی بێ وێنەی بە سیستمی سەرمایەداری ئەمریكا پێشكەش كرد و ئەو وڵاتەی كردە هەمەكارەی جیهان.

دووهەم تێسرەواندنی تێرۆریستی 11سێپتامبری 2001 بوو كە سیاسەتی و شێوەكاری سیاسەتڤانانی ئەمریكایی گۆری.

لێكدانەوەی سیاسەتی ئەمریكا بەو شێوەی مامۆستا وەلی و بەو چەشنە كە لەو وتووێژەدا هاتووە زۆر سەرەتاییە. ئەو بۆ چوونەش وەكوو چەمكی كۆمەڵگا مەدەنییەكەیەتی كە بۆ چارەسەری مەسەلەی سیاسی گەڵاندایناوە، كە ئەوەش خەیاڵپڵاوەكەی كابرای شوان و دیزە رۆنەكەی وەبیر دێنێتەوە. ئاغای وەلی بۆ سەركەوتنی پرۆژە "نەسیاسییەكەی" ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی گەورەدا بە شێوەیەكی ناراستەو خۆ و لەپەردەدا دژ بە بریاری سیاسی ئەمریكا بۆ لێدانی سەددامە و پێی وایە بە پەنا بردن بۆ تێئۆرییە مەدەنییەكەی ئەو كە لەئێران و تركییە نێژرا باشتر جێبەجێ دەبێ. لەبەر ئەوەیە كە ئیشارە بە رووداوەكانی كوردستانی سوریادەكا و بە هەژانی كۆمەڵگای مەدەنی دادەنێ و پێی وایە ئەمریكاییەكان دەتوانن لەو بنەمایانە بۆ سەركەوتنی پرۆژەی گەورەی رۆژهەڵاتیان كەلك وەرگرن.

ئەوە كە وەلی تا چ رادەیەك شارەزای سیاسەتەكانی ئەمریكا لە ناوچەكەدایە گرنگ نییە. ئەوەی كە گرنگە بۆچوونەكانی ئەو لەسەر دۆزی كورد و تاكتیك و ستراتێژی سیاسەتوانانی كوردە كە بە داخەوە تا ئێستا دەورێكی زۆر خراپ و شوێنەوارێكی پركارەساتی بۆ حیزبێكی سیاسی بووە كە لە توركییە دەورێكی باڵای لە خەباتی سیاسی كورد دا هەبوو.

ئەوەی كە بیرۆكەی كۆمەڵگای مەدەنیدا بە ئەمانەتەوە بۆ نێو ئەدەبی سیاسی رانەگوێزراوە و بە گەڕ بۆ توناكردنی مافی سیاسی كورد كەڵكی لێوەرگیراوە بریتین لەو گەندەڵفێلانە:

ئێتنیسیتە ، بۆ كورد پیسە. كورد نەتەوە نییە چونكە دەوڵەتی نییە. كورد نابێ حیزبی سیاسی هەبێ، چونكە دەچێ دەخانەی ئەمنییەتییەوە. كورد بە شەری بەرگری لە خۆی كەتنی كردووە و پێویستە كۆمەڵگای مەدەنی دامەزرێنێ بۆ ئەوە لە پرۆسەی درێژخایەنیدا مافەمەدەنییەكانی دەستكەوی...

لە سەرەتای هاتنە سەركاری خاتەمییەوە ، ئاغای وەلی لە ئێرانی ئاخوندی دیزداشەی مۆدێرنی كۆمەڵگای مەدەنی بۆ قەوارەی " ئیسلامی رێفورمیستی دێموكرات". هەڵدروو. ئەم چەمكە بێ ناوەرۆكە وادیارە ئێستا ناسنامەی ئەو ئاخوندانە بێ كە ئاشی حكومەتی "بێ ئیتنیك و نەتەوە و حیزبی سیاسی"ییان بە خوێنی لەشی گەلانی ئێران دەگەرێ. ئەم كۆمەلگایەی كە تێیدا گورگ و مەر وێكرا بە پێناسەیەكی نە ئیتنیكییەوە بە ماسكی یەكسانییەوە لە بالماسكەی مەدەنیدا خەریكی چەقڵەسەمان، بە ناوی ئۆمەتی ئیسلامی خۆیان پێناسەدەكن،

خویی و  نه خویی بۆ ئەوان لە ئارادانەماوە ئەوهش ئەو كۆمەڵگایەیە كە  كە ئاغای وەلی هەوڵی بۆ دەدەدا. وادیارە كە ئەم مرۆڤخۆرانە بۆ ئاغای وەلی بوونەتە "هێزی ریفۆرمیستی دیمۆكراتی" و كورد دەبێ بە پێی تێئۆرییەكەی ئەو  لەو كۆمەڵگایە  و لەو مرۆڤخۆرانە  داوای مافی مەدەنی بكا نە سیاسی.

بەلام بەتاڵی و بێناوەرۆكی ئەم تێۆرییە لە باری سییاسییەوە كاتێ خۆ دەردەخا كە ئاغای وەلی  وەكوو تەنیا خولیای ئەم تێۆرییە "پێشكەوتووە" كە ئیتنیسیتەی بە پیس دەزانی، دوژمنی نەتەوەگەری بوو.، دژی هەبوونی حیزبی سیاسی بۆ كورد بوو، شەری بەرگری كوردی دژ بە داگیركەرو سەركوتكەر بە جینایەت دادەنا ، لە باشوری كوردستان لە وتووێژ لەگەڵ  تلویزیۆنە كان  رومای گۆری  و  فێدرالیزمێكی كە كورد داوای دەكاو ئالآیەك كە ئیتنیسیتەی پێ پێناسەدەكا ، دەیەوێ  سەروەری و كیانی هەبێ و پارلمانی جیاوازی هەیە  پەسنی دەكا و  سیاسەتی حیزبەسیاسییەكانی ئەو بەشە لە كوردستان بە سەركەوتوو دەزانێ. بەڵام تۆ بڵێی  ناكاراییی ئەو بۆچوونە عەوام هەڵخەڵەتێنەی ئەو بۆ بەشەكانی دیكەی كوردستانیش لە جێدا نەبێ؟. ئاغای وەڵی سەرەرای ئەو هەموو ریس و گوریسەی كە لەو چەند ساڵە بۆ گورگەبۆرەكانی هۆندبۆووە و مەلای مرۆڤخۆری پێ كردبوونە دێمۆكرات، ئێستا بایداوەتەتەوە. هەڵبەت ئەوە كارێكی زۆر باشە، ئەگەر ئاغای وەلی هەستی بەوە كردبێ كە دەورێكی خراپی لە بەلارێ بردنی خەلك و تێئۆریزەكردنی ویستی جەپەلی گورگە بۆرەكانی ترك و ئاخوندە هارەكانی كۆماری مەرگ و خوێن دا بووە.

ئاغای وەلی بە گوێرەی تێئۆرییە مۆدێرنەكەی كە دەبێ  لەشی فش  و لێك رەواوەی ئاخوند داپۆشێ بۆ كورد ئەم ئامۆژگارییە نوێیەی پێیە."كورد دەبێ بە كردەوە "دیموكراتی بێ نە بەقسە."" !

وادیارە مامۆستا وەلی لێی گۆراوە. ئەو پێی وایە ئەوە گەلی كورد و رێبەرانی كوردن كە لە ئەنكارا و لەتاران و دەمیشق و بەغدا دەسەلاتیان بە دەستەوەیە و بە نادێمۆكراتی هاتوونە سەركار و مافی نەتەوایەتی گەلانی ئەو وڵاتانەیان زەوت كردووە. ئەگەر حازر نە بن ببنە دێموكرات ئەوە لەو پرۆژەیەی ئەمریكادا جێیان نابێتەوە. راستییەكەی ئەوەیە كە وەلی دژی ئەوەیە كە كورد داوای مافی سیاسی و هەقی دیاریكردنی چارەنووسی خۆی بكا. دوژمنی حیزبی سیاسی كوردە. لەو رووەوە كە داوای سیاسی كورد  لە پلانی ئەودا جێی نابێتەوە ،كورد بە نە دێموكرات دەزانێ. بەڵام بەكوردیش نالێ ئەگەر ئیتنیسیتە پیسە ، ئاخۆ هەر هی كورد پیسە ؟ یان گورگەبۆرەكانیش دەگرێتەوە؟ تۆ بڵێی لە زانكۆی بۆغازیچی تركییە بە خوێندكارە  گورگەبۆرەكانی گوتبێ" "تورك میللییەتچسی ، گورت ئیتنیسیتەسی پیس دی"  ئیتنیسیتەی ترك و گورگەبۆران پیسە-  پاشان گریمان ئەوەشی گوت، بەڵام ئەم ئیتنیسیتەیە لە حكومەت و دەسەلات لە نێوخۆ و لە سازمانەنەتەوەییەكاندا چۆن  جیادەكاتەوە و وڵاتەكە چۆن پێناسەدەكا؟ وەڵامی یەك پرسیار لەو پێوەندییەدا بۆ من سەرنجراكێشە. ئەویش ئەوەیە كە ئاخۆ ئاغای وەلی وێراویە بە ئاشكرا بە تركان بڵێ كە ئەو كوردە و بە ناوی كوردێكەوە لە زانستگەكەیان میوانە؟ یان خۆی بە ئەندامی كۆمەڵگای مەدەنی جیهانی ناساندووە و دەسەڵاتدارانی تركیش داوای پاسپۆرتیان لێ نەكردووە و یەكراست بردوویانەتە سەركلاسی دەرس و ئەویش دژی ئیتنیسیتەی ترك وتاری خۆی خوێندووەتەوە.

بە داخەوە  وەلی بە كورد نالێ چۆن ببێتە دێموكراتی راستەقینە تا بتوانێ لە ژێر كەڵپەی گورگەبۆران  واتە كەمالیزمەكەی تركان كە ئەو لە زانستگەكەیاندا فێری دیموكراسییان دەكا خۆیان فێر كەن. ئەو مامۆستا یە دەبێ بە كورد بڵێ ئەوان چۆن بتوانن باوەر بەو دێمۆكراتییە بێنن كە ئەو  كردوویە بە ئۆلگو و بنكۆڵی پكك ی پێكرد. كوردی نادێموكراتی بەشەكانی دیكەی كوردستان چۆن دەتوانن خۆیان لەو نادێموكراتییە رزگار بكەن و پۆل پۆل بچنە ئەو كۆمەڵگا مەدەنییانەوە كە ئاخون و بەعسی و گورگەبۆران بەسەریدا زاڵن؟  رەنگە هێندێك كەس نەزانن كە ئەو كەتنەی ئاغای وەلی بە ناوی كۆمەڵگای مەدەنی و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی سیاسی  بە پك ك كرد و لە خشتەی بردن تا چ رادەیەك بە دژی بەرژەوەندی سیاسی گەلی كورد بووە. دوا رۆژی كورد بۆ ئەو پلانە و كەسانێكی كە بە ئەنقەست بەرێوەبەری سیاسەتی توناكردنی حیزبی سیاسی و غەیرە سیاسی كردنی مەسەلەی كورد بوون داوەری دەكا. كەسانێك كە داوای مافی سیاسی گەلی كورد دەكەن و خوازیاری مافی بەرابەری گەلانن، دێموكراتی راستەقینەن.  كردەوە و هەوڵی كەسانێك كە  سازمانە سیاسییەكانی كورد بە بیانووی نادێموكراتی بوون  بەرەو  سنووری هەڵداشتن و پارچەپارچەكردن رادەدەن مەحكووم بە نەمانە. بەرنامەدارێژەرانی لاوەكی كە دەیانەوێ كورد لە سازمانەسیاسییەكانی داتەكێنن با كاری خۆیان بكەن و كوردیش كاری خۆی دەكا. با ئاغای وەلی بە بێ حیزبی سیاسی و بە تێئۆری " پیسە ئیتنیسیتە" كەی

گورگەبۆرەکان بکاتە ماریا ترێزا و سیاسەتی ئاسیمیلەکردن و ژێنوساید نەهێلێ و کورد بتوانێ بە ئەکماکی ترکی "نان" بێژی ترك گوتەنی : داها باشتر.

زۆر سەیرە کەسێکی وەکو ئاغای وەلی دەزگای بێبەزەیی ترین حکومەتی بەشەری و کوشتارگەی هەرمەنی و کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکە لە تورکییە بە لایەنگری گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانێ. بەلام دەیەوێ کورد بەوە تاوانبار بکا کە نادێموکراتە. نادێموکراتی کورد کامەیە؟ رەنگە ئاغای وەلی بییەوێ کورد لە رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان وەکو باکور داوای لێبوردن لە فاشیزمی ئاخوند و عەرەب بکا کە بۆچی حیزبی دروست کردووە. بۆ باسی هووییەتی نەتەوەیی دەکا. بۆ ئالای کوردی هەڵکردووە. بۆچی داوای بەشداریی لە دەسەلاتدا دەکا و بۆ ناهێلێ برادەرانی" ئیسلامی رفۆرمیستی دێموکرات "ی کوردستان کۆمەڵگای مەدەنی لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوك دامەزرێنن. بەلێ ئیتنیك پیسە. نەتەوە بڤەیە. خانەی ئەمنییەتی وەگەر دەخا. ئەمانە بۆ کورد نا دێموکراتین. بەلام بۆ داگیرکەرانی کوردستان دێموکراتین.( ئەمانە ناوەرۆکی تێئۆرییەکەی مامۆستا وەلین)

سەیرتر لە هەمووان ئەو روانگەیەیە کە مامۆستا وەلی لە دێموکراسی هەیەتی. ئەو رەنگە پێی وابێ کە دێموکراسی ئەگەر ئاوا ماناکرایەوە کە هەموو بتوانن بە ئازادی نوێنەران هەڵبژێرن ئیدی کار تەواوە. ئەو لێکدانەوەیە رەنگە بۆ فەرانسە و ئینگلستان بە کەڵك بێ، بەلام بۆ ولاتانی فرە گەلی ناکارایە. وەلی رەنگە لەکردەوەدا نەزانێ کە هەبوونی دێموکراسی لە ولاتێکی فرە نەتەوەیی دا مافی بەرابەری سیاسی پێ دابین ناکرێ. بەلگە و نموونەکەی هەلۆیستی زۆرایەتی شیعە لە عێراق و تەفسیری ئەوان لە دێموکراسی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتە. شیعە دەیەوێ، عێراقەکەی سەددام بێ ئالوگۆری سیاسی، ئیتنیکی ، نەتەوەیی و هەر لەسەر بنەمای ئایینی بدرێتە دەست ئاخوندان. چونکە زۆرایەتییە. ئەوەی کە کورد و سوننی بە هەق رەتی دەکەنەوە. دێموکراسی بەو مانا گشتیە کە زۆرایەتی گەلێك بەسەر گەلانی دیکەدا حاکم بێ نییە.دێموکراسی بۆ وەلامدانەوە بە گیروگرفتە. ئەوە کە تاقمێك لە دیموکراسی بەو مەفهوومەی کە گەل دەیەوێ حالی نابن لەبەر ئەوەیە کە دێموکراسی هەر لە قەلافەتی هەڵبژاردن و لە یەك ولاتدا کە یەك نەتەو حاکم بێ دەبینن.

مەفهومێك کە کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە دێموکراسی هەیانە لەگەڵ ئەوەی ئاغای وەلی و کەماڵیست و سەڵتەنەتخواز و ئاخوند و موجاهید و توتالیتێرەکان لێی دەدوێن جیاوازە. دێموکراسی بۆ کورد بە مانای تێك شکاندنی دەسەلاتی ناوەندییە کە نەتەوەی دەسەلاتدار، کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لێ بێ بەش کردووە. دێموکراسی بە مانای بە رەسمی ناسینی بەرابەری مافی سیاسی گەلی کوردە. دێموکراسی بۆ کورد تەنیا بە مانای بەرابەری مافی قانوونی و یەکسانی فەرد واتە تاکی کورد نییە . کورد دەیەوی هەر وەکو نەتەوەی سەردەست مافی سیاسی هەبێ. لە دەسەلاتدا بەشداربێ. وەکو نەتەوە بۆ خۆی و لە پێکەوە ژیانی هاوبەشدا بریاردەر بێ و بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بریار بدا.

کورد ئەگەر لە باری حەشیمەت و نفووسەوە کەمایەتی بێ ئەو کەمایەتی بوونە بە مانای بێبەشکردن لە مافی نەتەوەیی نابێ ببێ. ئەگەر کەمی حەشیمەت بۆ دابینکردنی مافی سیاسی و پێك هێنانی ولاتێکی سەربەخۆ بەس بووایە، دەبوو کووێت. بەحرێن ،عەممان ، ئۆردەن نە دەوڵەتیان هەبێ نە نەتەوە بن. دەکرێ ئەو ولاتانە بە زۆر ببنە یەك و هەموو لەژێر دزداشەی کۆمەڵگای مەدەنیدا لە نیشتمانی ئوممەی عەرەبیدا گوێ بدنە دەنگی فەهد بەلان ، فەیروز ، فرید ، حلیم و عبدالباسط محمد عبدالصمد. بەلام دەبینین کە فلستینی بە چ شێوەیەك خۆی لە ئۆمەی عەرەب دابریوە، خەلیجی خۆی لە میسری و سودانی بە زیاتر دەزانێ و هێچکام نایەوێ ولاتەکەی بەهاودین و هاوزمان و هاورەگەز و هاونیشتمانەکەیەوە بلکێ. ئەگەر نا دەبوو ئێستا تەنیا یەك ولاتی عەرەبی هەبێ بە 180- 200ملیون نفووسەوە. دەبو ئەم کۆمەڵگا مەدەنییەی بەرێز وەلی و ئەو دێموکراسییە نە ئیتنیکی نە نەتەوەییەی ئەو وەلامی ئەو گیروگرفتەی کورد و عەرەبی شیعە و کۆنە بەعسی بداتەوە. بە پێی نەزەرەکەی ئاغای وەلی، فێدرالی بۆ کورد ئاوردانەوە لە ئیتنیکە، بۆنی ناسیونالیزمی لێدێ، نەتەوەگەرییە، جیاوازیخوازییە، بڤەیە. کەوابێ هەموو کورد دەبێ بچنەوە سەر پەت و سنگی خۆیان و زۆرایەتی دێموکراتی شیعە و پاشماوەوەی بەعسییەکان سەرسەر و سەر چاویان بێ.

دێموکراسی سیستمە، ئالوگۆری بەسەردادێ، تایبەتمەندی فەرهەنگی و مێژوویی کاری تێدەکا. بەلام پرەنسیپەکانی دێموکراسی یەکن. پرەنسیپ ئەوەیە کە لە ولاتێکی فرەگەلی دا گەلان لە رەوتی کاردا دەستیان هەبێ و هەست بکەن کە سەرچاوەی قانوونن. لەو مەفهومەدا دێموکراسی نەك هەر بەمانای وەلاتانی نەتەوە،

ئیتنیك، زۆرایەتی و كەمایەتی و فەرهەنگ و زمان .. نییە بەڵكو بۆ وەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە. دێموكراسی لەو ولاّتانەدا بە مانای شێوەیەك بۆ ناسین و دابینكردنی مافی وەكو یەكی سیاسییە. ئالیرەدایە كە كۆمەلگای مەدەنی كەم دێنێ و ئەویش مەسەلە سیاسییەكە و مافی نەتەوەییە، كە بۆ ئاغای وەلی بڤەیە. ئەوەش ئەو ئاواتەیە كە فاشیستەكانی ترك و عەرەب و ترۆریستەكانی ئاخوندی دەیانەوێ و ئاغای وەلیش بەو زمانە بزمارییە كە كورد لێی حالی نابێ بۆی تئۆریزە كردوون. زۆر بەجێ دەبوو كە ئاغای وەلی سەرچاوەی نووسراوەكانی خۆی رابگەیاندبایە تا خوێنەر توانیبای لە مەبەستەكانی كە بە كاڵو كرچی رایگوێستوون وبلاّوی كردوونەوە حالی بێ.

بەختەوەرانە كورد و سیاسەتڤانەكانی لە كوورەی خەباتی سیاسی دا قاڵ بوون و بە باشی دەزانن كە ئاكامی سەرنەكەوتنی بەرنامەی "موسوڵمانانی رێفورمیست و دێموكراتی لایەنگری كۆمەلگای مەدەنی لە ئێران" لەبەر چ بووە و چییە. هەر وەها پاشگەز بوونەوەی لاّیەنگرانی تێئورییەكانی ئاغای وەلی لە باكوور فەشەل بوونەوەی ئەم تێئۆرییە لەقاو دەدا... پەسنی دەسكەوتی سیاسی كورد و سیاسەتڤانانی كوردی باشوور لەلایەن مامۆستا وەلییەوە ، وەرگرتنەوەی هەموو ئەو تێۆرییانەیە كە بە ناوی ئیتنیسیتەوە كورد و دۆزە سیاسییە رەواكەیانی دەخستە بەر هێرش و كەماڵیزمیان پێ دەرەنگاند. مخابن مامۆستا وەلی بۆ ئەوە ئیفلاسی تێۆریكی خۆی بە یەكجاری رانەگەیەنێ، لەبیر خۆی دەباتەوە كە سەری بۆ فێدراڵییەكەی كورد دانەواندووە هەمیسان هەڵەسوون دێنێتەوەو كورد بە وەتاوانبار دەكا كە نە دێمۆكراتە. كاتێك ئاغای وەلی لە زانستگەی بوغازیچی گورگەبۆرەكان مامۆستا بێ، دەبێ كوردیش نادێموكرات بێ. بەڵێ كورد نا دێموكراتە چونكە خۆی بە گوریسی كەماڵیزمە نێوزراوە كە ناخنكێنێ..

ح. ئەیوب زادە
11.05.2004